## توێژینەوەیەك بۆ / یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان

## بۆ وەرگرتنی پلەی ڕاوێژكار لە ئەندازیاری شارستانی

# گەشەكردنی بەردەوامكراو

# Sustainable Development

## وەئاستەنگییەكانی پەیڕەوكردنی بینای سەوز لە كوردستان




ئامادە كردنی

ئەندازیار سۆران علی حسن

# پێشکەش

**سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە و پەروەردگار کە توانیم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم لە یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی ئەندازیاریی شارستانی کە ئێستا بووەتە جێی لێکۆڵینەوە و بایەخی زۆربەی توێژەرانی بواری ژینگە و ووزەی نویٚ.**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بە:-**

**پیرۆزترین دوو کەس ( باوکم و دایکم ) خودای گەورە بیانپارێزێت**

**هەموو خانەوادەکەم لە خوشك و براکانم**

**هاوسەری خۆشەویستم**

**جگەر گۆشەکانم (علی ، عبداللە ،سان ، ئاران )**

**هاوڕیٚ وهاوپیشەکانم بەتایبەت ( علی عامر ، ثائر محمد )**

**سەرجەم کارمەندانی سەرۆکایەتی شارەوانی خانەقین وسەرجەم ئەندازیاران وژینگە دۆستان**

**توێژەر**

**سۆران علی حسن**

## ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................ ١
واتای بینای سەوز........................................ ٣
گرنگترین هۆکارەکانی دروست کردنی بینای سەوز........................................ ٥
پرنسیبەکانی بینای سەوز........................................ ٦
پێداویستیەکانی بینای سەوز........................................ ٧
سیستمەکانی بینای سەوز........................................ ٨
شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز........................................ ١٢
ڕێگرییەکانی پەیڕەوکردنی بینای سەوز........................................ ١٤
ڕێگرییەکانی پەیڕەوکردنی بینای سەوز لە کوردستان ........................................ ١٦
چارەسەرییەکان بۆ بەهێز کردنی پەیڕەوکردنی بینای سەوز لە کوردستان ........ ١٨
دەرئەنجام ........................................ ٢٢
ڕاسپاردەکان ........................................ ٢٣
سەرچاوەکان........................................ ٢٥

## پێشەکی:-

جیهان ڕووبەڕووی زیادبوونێکی زۆر گەورە بووەتەوە لە پیسبوونی ژینگە بەهۆی زیادبوونی شارستانی ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ڕووبکەنە گەشەکردنی بەردەوامکراو (Sustainable Development) لە هەموو سێکتەرەکانی ژیان بەتایبەت لە سێکتەری بیناسازی لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر ی پیسبوونی ژینگە لە جیهان دەگرێتە خۆی وە ڕووکرایە دروستکردنی بینای سەوز (هاوڕێی ژینگە ) کە کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە ودەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ژیان.

بەکارهێنانی ووزەی نوێ بووەوە ( بەردەوامکراو ) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و ژینگە ، بەکار هێنانی ووزەی لاسایی بە چڕی و بێ هاوتا کە پشت دەبەستێت بە سووتەمەنی پاشماوە بە بەرد بووەکان ( Fossil Fuel ) ، نەوت و بەرهەمەکانی ، غەڵووز و گازی شروشتی زیانێکی گەورەیان هەیە لەسەر مرۆڤ و ژینگە و هەموو زیندەوەرەکان وە بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو وە بووەتە هۆی گێرخواردنی گەرمایی ( Global Warming)و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی و ترشە باران و زۆر لە کارەساتە ژینگەییەکانی تر کە نازانرێت کەی تەواودەبن ، جگە لە کێشە تەندروستییەکان کە هەژمار ناکرێن و کۆنترۆڵ ناکرێن ، ئەمەش بووە هۆی گەران بەدوای سەرچاوە ووزەیەکی ئەڵتەرناتیڤ و پاك کە گەشەپێدانێکی بەردەوامکراو بەرجەستەبکات و کاریگەری نەرینی نەبێت لەسەر تەندروستی مرۆڤ وژینگە ، ئەویش سەرچاوەکانی ووزەی نوێ بووەوەیە کە بەشێوەیەکی سروشتی دروست دەبێت و بەردەوامدەبێت بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پاشماوەیەکی زیانبەخشی لێبکەوێتەوە .

ووزەی نوێبووەوە ئەو ووزەیەیە کە لەسەرچاوە سروشتییەکان دەستدەکەوێت ونوێ دەبێتەوە یان ئەو ووزانەی کو کۆتاییان نایەت (ووزەی بەردەوامکراو) (Sustainable Energy)

سەرچاوەکانی ووزەی بەردەوامکراو ((نوێبووەوە)) جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ووزەی لاسایی وە هیچ پاشماوەیەکی لێ دەرنایەت وەکو گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) وهەر گازە زیانبەخشێکی تر وە کاریگەری نییە لەسەر دیاردەی گێرخواردنی گەرمایی (Global Warming) وەك ئەوەی بەدی دەکرێت لەئەنجامی بەکارهێنانی ووزەی لاسایی.

**ووزە بەردەوامکراوەکان ((نوێبووەوەکان)) لە با وئاو وخۆر دروست دەبێت هەروەها لە جووڵەی شەپۆلەکانی هەڵکشان وداکشان یان لە ووزەی گەرمی زەوی یان لە چەند بەرووبومێکی کشتوکاڵی درەختە ڕۆندارەکان.**

**لە ئێستادا زۆرترین ووزەی پاك ((نوێبووەوە)) لە وێستگەکانی کارۆئاوی بەرهەمدەهێنرێت لە بەنداوەکان، ووڵاتە پێشکەوتووەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پشت دەبەستن بە ووزەی خۆر وبا.**

**بەرهەمهێنانی کارەبا بە بەکارهێنانی ووزەی نوێبووەوە چووەتە بواری جێبەجێکردن لە زۆربەی ووڵاتانی جیهان لەم چەند ساڵی دواییدا، وە زۆر لە ووڵاتان پلانیان داناوە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی ووزەی نوێبووەوە بە جۆرێك زیاد لە ٢٥٪ لە پێداویستییەکانی پڕبکاتەوە بۆ بەکارهێنانی لەساڵی ٢٠٢٥**

**لە کۆنگرەی کیوتۆ لە ووڵاتی ژاپۆن زۆربەی سەرکردەکانی جیهان ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی دەرهاویشتنی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بۆ دوورەپەرێزی لە مەترسییەکانی گۆرینی کەش وهەوا**

**سێکتەری بیناسازی لە کوردستان دەناڵێنێ بەدەست ڕێکار و سیستمە کۆن وباوەکان ،ئەم سیستمانە کاریگەرییەکی نەرینییان هەیە و زۆر لە سەرچاوە سرووشتییەکان و کەرەستەکانی بیناسازی (کە دووبارە بەکارناهێنرێنەوە ) لەناو دەبەن ، وەگونجاو نییە لەگەڵ پێداویستییەکانی دانیشتوان لە رووی کەش و هەوا و ژینگە و گەرمایی، بۆیە پێویستە روو بکەینە پەیڕەوکردنی بینای سەوز لە شارەکانی کوردستان .**

**هۆکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبەر زیادبوونی کاریگەرییە ژینگەییەکان بەهۆی بەکارهێنانی سەرچاوە سرووشتییەکان و ووزە لە سێکتەری بیناسازی. هەروەها بەهۆی ئەو گۆرانکارییە بەرچاوەی کە لە کەش و هەوادا بەدی دەکرێت لە سەرتاسەری جیهان وبەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەروەها پیسبوونی رادەبەدەری ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبوونی ئاو و سەرچاوەکانی ووزە**

**لە کوردستان زۆر رێگری و ئاستەنگی هەیە بەرامبەر پەیڕەوکردن یان بەکارهێنانی بینای سەوز وە ناهێڵێت سێکتەری بیناسازی گەشەبکات بەجۆرێك گونجاوبێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری بیناسازی و کەرەستەکانی بیناسازی.**

**لەم لێکۆڵینەوەیە باس لە واتای بینای سەوز وبنەماکانی و شێوازی هەڵسەنگاندنی و گەیشتن بە کۆمەڵێك هۆکاری کاریگەر لەسەر دروستکردنی بینای سەوز بەپێیخشتەیەکی راپرسی بۆ زانینی**

**گرنگترین ئاستەنگییەکانی دروستکردنی بینای سەوز لە شارەکانی کوردستان وە دانانی چارەسەر و پێشنیازی گونجاو بۆ پەیڕەوکردنی .**

**واتای بینای سەوز :-**

**بینای سەوز بەشێکە لە کاردانەوەی جیهانی بۆ زیادکردنی ئاستی ووشیاری تاك لەسەر کایگەری مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە کەش و هەوای جیهان .**

**بینا ڕێژەی زیاتر لە ٤٠٪لە تێکرای دەرهاویشتنی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن ( $CO_2$) لە جیهان پێکدەهێنێت وە گرنگترین فاکتەری دیاردەی گیرخواردنی گەرماییە (Global Warming) .**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وئەورووپای خۆرئاوا وکەنەدا وژاپۆن لە زۆرترین وولاتانی جیهانن لە دەرهاویشتنی گازە گەرمەکان، لەبەر ئەوە دەبێت تەکنەلۆژیای بینای سەوز پەیڕەو بکرێت بە ئاستێکی بەرفراوان لەجیهاندا بۆ کەمکردنەوەو وەستاندنی دەرهاویشتنی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) وگازە گەرمەکانی تر بەمەبەستی نەهێشتنی یان وەستاندنی ڕوودانی گۆڕانکاری سەرەکی لە کەش وهەوا هەروەها ئاستەنگی ئابووری وتەندروستی لەماوەی ٣٠ بۆ ٥٠ ساڵی داهاتوو.**

**بینای سەوز باڵانسی ژینگەیی، خۆشگوزەرانی، دڵنیایی دانیشتوان ورەچاوکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی خۆجێیەتی بەرجەستە دەکات.**

**دیزاین کردنی بینای سەوز هەموو لایەنە کاریگەرەکان لە خۆ دەگرێت لە پرۆسەی گەشەکردنی تەواو کاری (Sustainable Development) سەرەتا لە تیمی دیزاین (خاوەن بیناکان، تەلارسازان ئەندازیاران وراوێژکاران) وە تیمی بینا (کۆمپانیاکانی دروستکەر وبەڵێندەرەکان) هەروەها کارمەندی چاککەرەوە وبەکارهێنەرەکان.**

**لەبینای سەوزدا کاریگەری دروستکردنی ووزە زۆر کەمە لەسەر ژینگە وسەرچاوە سروشتییەکان جگە لەوەی بینا سەوزەکان هونەری تەلارسازی وزانستی جوانی بەرجەستە دەکات.**

**ئەنجوومەنی جیهانیی بینای سەوز (World GBC) لە ڕێی بیرۆکەی پێشەوایەتی (Leadership Thought) وگواستنەوەی بازاڕ (Market Transformation) توانی بازاڕ بگۆڕێت بەرەو بینای سەوز لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، وە کۆمەڵەی تەلارسازانی ئەمریکی (AIA) بەیانێکیان بڵاوکردەوە**

**له ساڵی ٢٠٠٥ ئامانجەکەی کەمکردنەوەی سووتەمەنی ئەحفووری لە بینا نوێیەکاندا بەرێژەی ٥٠٪ تاوەکو ساڵی ٢٠١٠لەگەڵ کەمکردنەوەیەکی رێژەیی ١٠٪هەموو ٥ ساڵێك تا دەگاتە رێژەی ٩٠٪ لەساڵی ٢٠٣٠.**

**وە بە پێی زانیارییەکانی ئەندازیاری راوێژکار ئیدوارد مارسیا (**Edward Marsia**) ئەتوانرێت ئەو کەمکردنەوەیە ئەنجامبدرێت بەرێژەی ٥٠٪بەو تەکنەلۆژیایەی کە هەیە بەبێ هیچ تێچوویەکی زیادە لەرێی بەکارهێنانی ستراتیژییەکی دروست لە دیزایندا وەکو شێوە وئاراستەی گونجاو وبەکارهێنانی رووناکی سروشتی وکۆنترۆڵکردنی ووزەی خۆر وتەکنەلۆژیای گەرمکردن وساردکەرەوە.**

**بەپێی ئەو باسە ی سەرەوە دەردەکەوێت کە بینای سەوز کەرەستەی بەردەوامکراو**

**(**Sustainable materials**) بەکاردەهێنێت لە دروستکردنیدا وبنەماکانی بەردەوامبوونی ژینگەیی وکۆمەڵایەتی وئابووری بەرجەستە دەکات.**

((**هۆکارەکانی دروستکردنی بینای سەوز**))

**گرنگترین هۆکارەکانی دروستکردنی بینای سەوز: –**

**١–. بەرجەستەکردنی گەشەی بەردەوامکراو** (Development Sustainable) **بێ ئەوەی کاریگەری نەرینی هەبێت لەسەر جۆری ژیان بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان، وە ئەم خاڵە لێکدراوەتەوە لە پرنسیپەکانی هانۆڤەر کە لە ساڵی ١٩٩٢ بانگەوازی بۆ کرا.**

**٢–. تەواوبوونی سەرچاوە سروشتییەکان وزیادبوونی دەرهاویشتنی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن** ($CO_2$) **بەپێی بەیاننامەکانی ئەنجوومەنی بینای سەوزی ئەمریکی راگەیەنرا کە ئاسەواری راستەوخۆی ساڵانەی هەموو بینای نیشتەجێبوون وبازرگانییەکان پێکدێت لە ٣٩٪ لە تێکرای بەکارهێنانی ووزە و٦٨٪ لە بەکارهێنانی کارەبا و٣٠٪ لە دەرهاویشتنی گازە گەرمەکان و٤٠–٥٠٪ لە تێکرای دەرهاویشتنی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن** ($CO_2$) **لە ووڵاتە پێشکەوتووەکان بە هۆی بەکارهێنانی ووزە لەناو بیناکاندا.**

**٣–. تێچووی بینای سەوز زۆر کەمترە لە بینا لاسایییەکان لەرووی گەرمکردن وساردکردنەوە ورووناکی لەبەر ئەوەی ووزەیەکی کەمتر خەرج دەکات وڕێژەی پیسکردنی زۆر کەمە جگە لەوەی ژینگەیەکی گونجاو ئەهێڵێتەوە بۆ ژیان وئیشکردن.**

**٤–. هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی نادادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکان لە ڕێی دابینکردنی بەنرخێکی گونجاو بۆ کەمدەرامەتەکان.**

## پرنسیپەکانی بینای سەوز

بینا سەوزەکان ٤ پرنسیپی سەرەکییان هەیە: -

١-. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە لەرێی بەکارهێنانی جیاکەرەوەی ووزە (Energy Isolation) لەگەڵ پاراستنی هەوا گۆڕکێیەکی باش ((Air ventilation وبەکارهێنانی ووزەیەکی کەم بۆ رووناکی وئامێرە کارەباییەکان وبەکارهێنانی فێنککەرەوە بەپیسییەکی کەمتر وسوود وەرگرتن لە ووزەی خۆر وهەروەها بەکارهێنانی سیستمی هەواگۆڕکێی سروشتی لە جیاتی میکانیکی.

٢-. کەکردنەوەی پیسبونی دەرەکی وزیانە ژینگەییەکان بە رەچاوکردن وسوود وەرگرتن لە ناوچەکانی دەوروبەری بیناکە، پاراستن وتێکنەدانی شوێنە سروشتییەکان، چارەسەرکردن ودووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستەکانی ئاوەڕۆ وکەم بەکارهێنانی کەرەستەی هاوردەکراو، دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی باران لە شوێنی کار وبەکارنەهێنانی کەرەستەیەك کە ماددەی کیمیاوی خراپی لێ دەردەچێت.

٣-. کەمکردنەوەی لەناوبردنی ووزە وکەرەستە، لە رێی بەکارهێنانی کەرەستە وسەرچاوە سروشتییە لۆکاڵییەکان وئەو کەرەستانەی کە لە شوێنی کاردا هەن، بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی کە لە سەرچاوەکەیدا بەشێوەی بەردەوامکراو دروستدەکرێت، کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کەرەستەی هاوردەکراو وهەروەها بەکارهێنانی کەرەستەی ریسایکلین کراو لوکاتی پێویستدا.

٤-. کەمکردنەوەی پیسبوونی ناوخۆیی وزیانە تەندروستییەکان لە رێی بە کارهێنانی کەرەستەی ناژەهراوی ودەرهاویشتە کەمەکان وبەکارنەهێنانی فایبەر لە کەرەستەکانی جیاکەرەوە وکەمکردنەوەی تەپوتۆز کە ئەبێتە هۆکاری نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە وریگرتن لە مەودا کارۆ موگناتیسییەکان.

## پێداویستییەکانی بینای سەوز

١-. پەیوەندی نێوان خۆش گوزەرانی وکەش وهەوای ناوخۆیی تەندروست

٢-. پەیوەندی نێوان ئاستی دڵنەوایی وتوانای کارکردن

٣-. پلەی گەرما لەو ژوورانەی بەکار دەهێنرێن

٤-. رێژەی شێ لە شوێنە داخراوەکان

٥-. خێرایی با ومەترسییەکانی ووشکبوون

٦-. دڵنەوایی بینین

٧-. دەنگ

٨-. جۆری با

٩-. تیشکە کارۆ موگناتیسییەکان

١٠-. کۆنترۆڵکردنی کەش وهەوا لە شوێنە داخراوەکان.

## سیستمەکانی بینای سەوز

### ١-. چواچێوەی بینا: -

(دیوارەکان، دەرگا وپەنجەرە، سەقف). ئامانجەکانی دیزاینکردنی چوارچێوەی بینا کۆنترۆلکردنی پلەی گەرما وشێ وپەستانی هەوا لە خۆ دەگرێت.

ء-. سیستمی دیوار: -گرنگترین سیستمەکانی چوارچێوەی بینای سەوزە، دیوارە ستوونییەکان کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی پلەی گەرما لەسیستمەکانی گەرما لەناوچەکانی چواردەوری بیناکە وباشکردنی کەش وهەوا ی ناوخۆیی (وەکو جیاکەرەوەیکی گەرمی ودەنگ وخۆڵ کار دەکات) جگە لە دیواری ئاوی وسیستمی دیواری ترۆمب (Trombe Wall) وسیستمی ستیف بایر (Baer Steve) وسیستمی بارا ((BARRA.

ب-. سیستمی پەنجەرە: -سیستمی پەنجەرەی سوپەر (Super Windows) بەکاردەهێنرێت کە گلدەرەوەی گەرمییە وڕووناکییەکی زۆر تێدەپەڕێنێت وهاوکارێکی سەرەکییە بۆ کەم بەکارهێنانی ئامێرەکانی فێنککەرەوە، جگە لەوەی زۆر چالاکە بۆ گلدانەوەی دەنگ وپاراستنی کەل وپەل لە تیشکی سەرو وەنەوشەیی.

ج-. سیستمەکانی سەقف -گرنگترین کارەکتەرەکانی: -

١-. سەقفی سەوز: -بڕی تیشکی خۆر کە ئەگاتە پەیکەر بیناکە کەم دەکاتەوە وهۆکارە بۆ کۆنترۆلکردنی ئاوی باران بەمەبەستی کەمکردنەوەی ساردکردنەوە لە هاوین وگەرمکردنەوە لە زستان جگە لە دابین کردنی دڵنەوایی گەرمی بۆ دانیشتەانی ناو بیناکە.

٢-. سەقفی سارد: -ڕێژەی ١٠-٤٣٪لە ووزە پاشەکەوت دەکات لە ڕێی گگێڕانەوەی ووزەی خۆر لەسەر سەقفەکە وکەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە بۆ فێنککردنەوە.

٣-. سەقفی ئاوی: -بریتییە لە بارستاییەکی گەرمی لە پەیکەری سەقفی بیناکە کاردەکات لەسەر گۆڕین وگلدانەوەی گەرمی بۆ ئەوەی کاریگەربێت بۆ گەرم کردن وساردکردنەوەی بینا.

٢-. خزمەتگوزارییە میکانیکییەکان: -واتای پێکهاتەکانی دڵنیایی (دڵنەوایی) گەرمی لەناو بیناکە وەپێکدێت لە سیستمی گەرم کردن وساردکردنەوە (HVAC) ولایەنە میکانیکییەکانی ناو بیناکە وەکو ڕۆشنایی وکارە تەندروستییەکان (ئاو وئاوەڕۆ) وگواستنەوەی ستونی وسیستمەکانی ( Living Safety).

گرنگترین کارەکتەرە میکانیکییەکان کە کار دەکەنە سەر کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە وسەرچاوە: -

ء-. ئامێرە کارەباییەکان وئەو پرۆدەکتانەی هێمای ئەستێرەی ووزە (Star Energy) هەڵدەگرن کە نزیکەی ٢٠-٣٠ ٪ ووزەی کەمتر بەکار دەهێننلە پێویست.

ب-. ئامێر وکەرەستەکانی ئاو کە بە ئەمەکن لە لە بەکارهێنانی ئاو.

ج-. سیسیتمە بایۆلۆجییەکان بۆ ئاوەڕۆ واتا دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆ بۆ شۆردن وئاودان .... هتد.

٣-. پەیکەری بینا: -کۆمەڵێك کارەکتەرن کاردەکەن بۆ دەستەبەرکردنی باڵنس دژ بە گراڤیتیو کێشە میکانیکییەکان وپێکدێت لە: -

ء-. کەرەستەی بیناسازی سەوز وەك تەختەداری بەردەوامکراوی ژینگەیی

(Environmentally Sustained Wood) وتەختە داری کاغەزی وبۆیاغ وکەرەستەی بینای لکێنەر وجیاکەرەوەکان (Isolators) وسیستمەکانی سەقف، بەشێکیان کاردەکەنە سەر نەهێشتنی پیسبوونی هەوا وبەشێکیان دروستکراوە لە شووشەی دووبارە دروستکراو وپلاستیك وتایە وچەند کەرەستەیەکی تر.

ب-. تەکنۆلۆژیای نانۆ :- واتا دیزاین و چارەسەر و دروستکردن لەسەر ئاستی گەردی (Molecular Scale ) لەگەڵ کردنەوەی شیانی نوێ لە بینای سەوز لەرێی کۆمەڵێك بەرهەم وەك

بۆیاغی کۆکەرەوەی ووزەی خۆر نانۆ جێڵ ( Nano Gel ) ، تەختەی شووشەیی جیاکەرەوەی ئاست بەرز ، پەنجەرەی گەرمی هەڵمژ ، پەنجەرەی خۆگۆڕ لە روونەوە بۆ تاریك وە لەناوبەرە بایۆلۆژییەکان کە هاوڕێی ژینگەن بۆ پاراستنی تەختەدار (ئەم بەرهەمانە کاردەکەنە سەر ئامادەکردن (کۆنترۆڵکردنی پلەی گەرمای دابینکراو لەناو بینا ) وە پەنجەرە فۆتۆ کرۆمییەکان ( Photo Chromic Windows) کە هەستیارە بۆ رووناکی هەروەها ئامێرەکانی هەستکردن بۆ بەکارهێنەر .

٤-. ژینگەی ناوخۆیی: -دیاریکردنی دەوروبەری لایەنە مرۆڤایەتییەکان دەنوێنێت واتا دەستەبەرکردنی حەوانەوەی فیزیکی وسایکۆلۆژی بۆ مرۆڤ وخوڵقاندنی ژینگەیەکی ناوخۆیی ئاسوودە وتەندروست بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ گونجاو بێت لەگەڵ زانیارییەکانی ئەو شوێنەکارەی کەتیایدایە وبەستراوە بەسیستمە ژینگەییە سروشتییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

ژینگەی ناوخۆیی پێکدێت لە حەسانەوەی گەرمایی، ژینگەیەکی تەندروستی ناو خۆیی، هەوا گۆڕکێیەکی سروشتی، رووناکی، مەودا کارۆ موگناتیسییەکان، کەل وپەلی ناوماڵ، کۆتاهێنەرەکان (Finishing)، هاوبەندی بینایی (Eye Contact) لەگەڵ شوێنە دەرەکییەکانی بینا، جیاکەرەوە دەنگییەکان وجوانی.

٥-. شوێنی کار: -یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی تەواوکاری (Integral) لەگەڵ بینای سەوز، پێویستە شوێنی کار بەردەوامدەر بێت(Sustainable) ) واتا بەرێوەبردنی باران ونەهێشتنی کاریگەری دورگە گەرمییەکانی شارستانی وکەمکردنەوەی پیسبوونی رووناکی وپاراستنی دیمەنە سروشتییەکان وئاو وهۆیەکانی گواستنەوە لەخۆ دەگرێت. ئەم سیستمانە کاردەکەنە سەر کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە ودەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو وتەندروست بۆ حەوانەوەی دانیشتوان وکەمکردنەوەی خەرجکردنی سەرچاوەکان وبەکارهێنانیان بەشێوەیەکی کاریگەرتر هەروەها بەکارهێنانی کەرەستەی بینای بەردەوامکراو (Sustainable Materials)




**شێوەی (١) سیستمەکانی بینای سەوز**

## شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز

شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی بینای سەوز وە پێویستییەکانی یاسای بینا لە رووی دڵنیایی وتەندروستییەوە دەگرێتەوە.

جۆرێکی زۆر هەیە لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بینای سەوزلە جیهان وەك (LEED)پۆلینی هەرەوەزی بۆ خوێندنگا بە کوالیتی بەرز جێبەجێکراوەکان ( Collaborative High-performance School) (CHPC)

رابەری پێشکەوتووی بینا (Advanced Building Guide) ورابەری سەوز بۆ ئاگاداری تەندروستی (Green Guide for Health Care (GGHC)) ورابەری شار یان شوێنە خۆجێییەکان.

لە (UK) شێوازی زۆر هەیە بۆ هەڵسەنگاندن وەك (BREEAM) وهەڵسەنگاندنیووزەی ناوماڵی ( Home Energy Rating) ونیشانەی ژینگەیی ئۆروپی (European Eco-labeling)، وە لە ئیتالیا (BREEAM) و (Ecocerto)، لەهۆڵەندا (Lab Eco)، لەسویسرا (SIB)، لە ئەڵمانیا

(Data Bank) و (Bau Bio)، لە کەنەدا (Athena) و (BEPAC)، لە ئۆستراليا (Green Star)، لە سەنگاپور (Green Mark)، لە ژاپۆن (CASBEE

شێوەی (٢) گەشەی مێژوویی شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز دەردەخات، یەکەمین پۆلین لەساڵی ١٩٩٠ دەرچوو لە بەریتانیا بەناوی (BREEAM) وەدوای ئەوە ژمارەی پۆلینەکان زیادیان کرد لە چەند وولاتێکی جیاجیا وە شێوازی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز بەپێی گونجاوی تواناکان وبارودۆخی ژینگەیی وئابووری وکۆمەڵایەتی لە وولات.

دوایین پۆلین کردن بۆ هەڵسەنگاندنی بینای سەوز لەساڵی ٢٠١٦ بوو ئەویش پۆلینی (BREEAM) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.




شێوەی (2 ) گەشەسەندنی مێژوویی بۆ شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز

## ڕێگرییەکانی پەیڕەوکردنی بینای سەوز

چەند ڕێگرییەکی گشتی هەیە بەرامبەر پەیڕەویکردنی بینای سەوز لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان، لەوانە: -

١-بینای سەوز نامۆیە بۆ خەڵکی ئاسایی ئەوانەی لەناو ماڵی ئاسایی ژیان دەکەن یان ئەوانەی لە ماڵی قوڕ وپووش وتەنەکە وتایە دەژین.

٢-کەمی کەرەستەی بینای بەردەوامکراو (Sustain) وزۆری کەرەستەی بینای لاسایی کە ناتوانرێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە (Recycling) کە زەهر دەرهاویشتە دەکاتە ژینگەی ناوخۆیی بیناکە.

٣-کەمی شارەزایی هونەری یبیناساز ودروستکەرەکان، دوورکەوتنەوەو دوودڵی بیناسازەکان لە بینای سەوز بەهۆی کەمی یان نەبوونی شارەزاییان لەسەر بینای سەوز، لەبەر ئەو ئەنجوومەنی بینای سەوزی ئەمریکی هەستا بە گەشەپێکردنی سیستمی هەڵسەنگاندنی بینای سەوز (LEED) بۆ هاندانی بەکارهێنانی بینای سەوزی بەردەوامکراو (Sustain) وە ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان بۆ بیناسازان ودروستکەرانی کەرەستەکانی بینای سەوز بەمەبەستی زیادکردنی شارەزاییان وئاشنابوونیان بە بینای سەوز.

٤-لاوازی تێگەیشتنی کۆمەڵگە وبیناسازان لە تەکنەلۆژیای بینای سەوز

٥-بوونی چەند سیستمێکی هەڵسەنگاندن بۆ بینای سەوز کە ناگونجێت لەگەڵ پێداویستییە ژینگەیی کۆمەڵایەتی، کەش وهەوا، ئابوورییەکانی چەند وڵاتێك وەکو عێراق وهەرێمی کوردستان.

٦-نەبوونی یان لاوازی یاسا وڕێساکانی بیناسازی بۆ بینای سەوز کە گونجاوبێت لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەکان.

٧-لاوازی توانای دابین کردنی تەکنیکی نوێی تایبەت وەك بینای سەوز لە بوارەکانی ووزە نوێبووەکان (Sustainable Energy)، جیاکەرەوەکان (Isolators)، ریسایکلینگ، ئاوی باران وکەرەستە بەردەوامکراوەکان (Sustain) بەتایبەت لە وولاتە تازە گەشەسەندووەکان.

٨-لاوازی تێگەیشتنی دیزاینەر ودروستکەر وکۆمەڵگە لە راستی ئەوەی ئەم بینا سەوزانە ئەلتەرناتیڤێکی بەردەوامکراوە بۆ بینا لاساییەکان.

٩-رێگرە ئابوورییەکان، زۆر کەس وا تێدەگات کە دروستکردنی بینا سەوز پێویستی بە وەبەرهێنانێکی زۆری پارەیە جگە لەوەی پێویستی بە بازاڕکردنی هەیە بەڵام بەپێی خوێندنەوەیەکی ئەنجوومەنی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەکانی کەش وهەوا (WGBC) لە ساڵی ٢٠١٣ ئەم خاڵانە خرانە روو: -

ءأ-بینای سەوز پێویستی بە تێچووی زیاد نییە.

ب-. بینای سەوز پارە گلئەداتەوە (Save) لە رێی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا وئاو وکەمبوونەوەی تێچووی سیانە وچاککردنەوە لە مەودایەکی درێژدا.

ج-. ئەو بینایانەی کە بڕوانامەی بەردەوامکراویان هەیە (Sustain) توانایەکی زۆرتریان هەیە بۆ بەبازاڕکردنیان (Marketing) وە تایبەتمەندییەکانی دیزاینی سەوز بۆ بینا وژینگە ناوخۆییەکان دەبێتە هۆکارێك بۆ چاککردن وزیادکردنی بەرهەمی کرێکاران وە بۆ تەندروستی دانیشتوان وگەشەکردنیان، ئەمەش ئەبێتەهۆی بەرجەستەکردنی سوودێکی سەرەکی بۆ کۆمپانیاکان.

١٠-یەکێك لە تێگەیشتنە هەڵەکان ئەوەیە کە کڕینی تەکنیکی نویً ی گونجاو لەگەڵ ژینگەی سەوز زۆر گرانە وەك سیستمی گەرمکەرەوەی زەوی وپانێڵی ووزەی خۆر، بەڵام دەتوانیت گۆرانکاری سەوز بکەیت لە ماڵەکەت بێ گێئاوڕدانەوە لە بودجەت.

١١-. کەمی تەرخانکراوی دارایی لەبواری بینای سەوز.

## ڕێگرییەکانی پەیڕەوکردنی بینای سەوز لە کوردستان

**لە ڕووی تیۆرییەوە گرنگترین ڕێگرییەکانی پەیڕەوکردنی بینای سەوز لە کوردستان ئەخەینە ڕوو.**

**١-ڕێگریی یاسایی: -لە ڕێی قاڵبی پێکهێنەرەکان (Matrix Component) کە دەرئەنجامی شیکردنەوەی فاکتەری ((Factor Analysis ئەوە دەردەخات کە ئەم ڕێگرە ڕێژەی جیاوازییەکەی ((contrast ١٣,٧ ٪ ە بەهۆی نەبوونی یان لاوازی یاساکانی بینای سەوز لە کوردستان لە ڕوی بیناسازی ودارایی وکۆمەڵایەتی وهونەری وشوێن کە پەیوەستە بە سێکتەری بیناسازی وە دەگۆڕێت لە نێوانیاندا تا دەبێتە گرنگترین ڕێگرییەکان لە ڕووی نەبوونی بیر وپیشەیی ونەبوونی تەکنەلۆژیای نوێ.**

**٢-ڕێگریی هونەری: -ڕێژەی جیاوازییەکەی ((contrast ١٠,٢ ٪ ە وئەوەش نەبوونی یان کەمی سەرجەم سیستمەکان، جیاکەرەوەکان، کەرەستەی بینای بەردەوامکراوی تایبەت بە بینای سەوز وە کەمی ئامرازەکانی پەیرەوکردنی بەردەوامبوون بە شێوەی هونەری وە لە شوێنی کار بەهۆی بوونی چەندین ستراتیژی کە وەزارەتەکان دایانرشتووە بە تایبەت وەزارەتی شارەوانی ووەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێبوون.**

**٣-ڕێگریی دیزاین: -ڕێژەی جیاوازییەکەی (contrast) ١٠,١ ٪ ە بە هۆی کەمی شارەزایی لە دیزاین کردنی بینای سەوز هەروەها لە جێبەجێکردنی لە لایەن ئەندازیارانی تەلارسازی وشارستانی وهونەرییەکان وستاڤ کار.**

**٤-ڕێگریی پلانی بەردەوامبوو: -ڕێژەی جیاوازییەکەی (contrast) دەگاتە ٨,٦ ٪ وپلانی بەردەوامبوون بۆ بینای سەوز دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی پلانی نیشتەجێبوون گرنگی وبایەخ دەداتە بینای کەم تێچوو ((Low cost بەکەرەستەی بینای دژ بە ژینگە وبوونی کاریگەری نەرینی چەند خویەکی کۆمەڵایەتی ونەبوونی ووزەی نوێبووەوە لەسەر ئەم فاکتەرە ئەخاتە ڕوو.**

**٥-ڕێگریی دارایی: -ڕێژەی جیاوازییەکەی (contrast) دەگاتە ٨ ٪ بە هۆی نەبوونی تەرخانکراوی دارایی لە سێکتەری گشتی وتایبەت بۆ دروستکردنی بینای سەوز لە کوردستان. کاریگەری**

**نەرینی بەکارهێنانەوەی کەرەستەی بیناسازی زۆر روون وئاشکرایە بەهۆی نەبوونی هیچ رێنماییەك بۆ دووبارە دروستکردنەوەی کەرەستەکانی بینای لاسایی کە بەکارهێنراون.**

**٦–رێگریی بیرکردنەوە وکار: –رێژەی جیاوازییەکەی (contrast) دەگاتە ٧,٤ ٪ بەهۆی ئەستەمی یان نائاسانی گۆڕینی بیرو کارکردن بەرەو بینای سەوز، لەبەر سووربوون لەسەر رێکار وشێوازی بینای لاسایی کە کاریگەری نەرینی هەیە لەسەر ئەم فاکتەرە.**

**٧–رێگریی تەکنۆلۆژی ودروستکردن: –رێژەی جیاوازییەکەی (contrast) دەگاتە ٧,١ ٪ بە هۆی نەبوونی یان کەمی تەکنۆلۆژیای بیناسازی نوێ وکەرەستەی بینای بەردەوامکراو بۆ دروستکردنی بینای سەوز لە کوردستان، لەگەڵ کۆنیی یاساکانی بیناسازی کە پشتبەستە بە بەکارهێنانی کەرەستە وتەکنیکی بینای لاسایی.**

**٨–رێگریی ستراتیژی: –رێژەی جیاوازییەکەی (contrast)دەگاتە ٦,٨ ٪ بەهۆی نەبوونی ستراتیژ وپلان لە پلانەکانی حکوومەت بۆ داهاتوو بۆ بینای سەوز لە هەموو سێکتەرە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکان.**

**٩–رێگریی بەردەوامبوون: –رێژەی جیاوازییەکەی (contrast)دەگاتە ٦,٣ ٪ بە هۆی لاوازی چەمك (concept) وجێبەجێکردنی بەردەوامبوون ولاوازی چەمکی بینای سەوز لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی کوردستان وکۆمەڵگا لە رووی ژینگەیی وحەوانەوەی کۆمەڵایەتی وئابووری وپاراستنی سەرچاوەکان بەشێوەی بەردەوامبوو (sustain).**

**١٠–رێگریی کونجاوی تەکنیکی ویاسایی: –رێژەی جیاوازییەکەی (contrast) دەگاتە ٦,١ ٪ رێگرییە رۆتینیەکان دەنوێنێت بەهۆی نەگونجاوی یاساکانی بیناسازی کارپێکراو لەگەڵ چەمکی بینای سەوز، ئەو یاسا کارپێکراوانەی ئێستا تەنها پەیوەستە بە بینای لاسایی وناگونجێت لەگەڵ گەشەی تەکنۆلۆژی وتەکنیکی بیناسازی نوێ.**

## چارەسەرییەکان بۆ بەهێزکردنی پەرەوکردنی بینای سەوز لە کوردستان

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشنیاری چەند رێکارێك دەکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەو رێگرییانەی کە دەستمان کەوت وەگرنگترین رێکارەکان: -**

١- پێشنیارە یاساییەکان: **-پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەندازیاران وپلاندانەران ویاساناسان بۆ ئامادەکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە: -**

* دارشتنی یاسا بۆ بینای سەوز وبخرێتە نێو بنەماکانی نیشتەجێبوونی شارستانی وە یاساکە ئەبێت لایەنی چەمکی ودارایی وشوێن لە خۆ بگرێت.

* تێکردنی (insert) چەمکی بینای سەوز لەیاساکاندا

* ئامادەکردنی سیستمێکی کوردستانی بۆ بینای سەوز هاوشێوەی سیستمە جیهانییەکان گونجاو بێت لەگەڵ بارو دۆخ وکوش وهەوای کوردستان.

٢-پێشنیارە هونەرییەکان: -

- هاندانی سێکتەری گشتی وتایبەت بۆ هێنان وبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بینای سەوز
- وەزارەتی پیشەسازی ووەزارتی پلان دانان هستن بە دروستکردنی کارگەی تایبەت بە دروستکردنی کەرەستەکانی بینای سەوز لەرێی کەرتی گشتی وهەروەها دەستەی وەبەرهێنان لەرێی کەرتی تایبەت بە بەرنامەیەکی دارێژراو بۆ ماوەی ٥ ساڵ
- وەزارەتی بازرگانی هەستێت بە هاوردەکردنی کەرەستە وسیستمی بینای سەوز ودابەشکردنی بەسەر هاوڵاتیان وکۆمپانیاکان بۆ هاندانیان لەسەر پەیرەوکردنی بینای سەوز وشێوازی سەوز
- سازدانی خولی راهێنان بۆ ئەو ستافانەی کاری بیناسازی دەکەن تایبەت بە بینای سەوز لە رووی تەکنیکی بینای نوێ وسەرچاوەکانی بینای بەردەوامکراو.
- دانانی بەرنامەی تایبەت بە بینای سەوز لە مەنهەجی خوێندن لە پەیمانگا وکۆلیژە ئەندازیارییەکان بۆ زیادکردنی چەمکی بینای سەوز بۆ ئەو ستافانەی کاردەکەن لەم بوارەدا.

- ئیفادکردنی ئەندازیارانی بواری بیناسازی (تەلارساز وشارستانی) بۆ ئەو وولاتانەی زۆر پێشکەوتوون لەبواری بینای سەوز بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونیان.

### ٣–پێشنیارە دیزاینییەکان: –

- دانانی (تێکردنی) پرۆژەیەکی بینای سەوز بۆ هەموو قۆناغێکی خوێندن بۆ خوێندکارانی تەلارسازی لە زانکۆکانی هەرێم.
- سازدانی وۆرك شۆپ وپێشبڕکێی زانستی بۆ خوێندکار وئەندازیارانی تەلارسازی تایبەت بێت بە دیزاینی بینای سەوز وئاشناکردنیان بە گرنگیی بینای سەوز وزانینی گرنگترین کەرەستەکانی بینا وداتاکان.
- پشت بەستن بە ستاندارده جیهانییەکان ولۆکاڵییەکان بۆ گەیشتن بە دیزاینێکی داهێنراو کە شوناسێکی شوێنی ئارام هەڵبگرێت بۆ بینای سەوز.
- سوود وەرگرتن لە تواناکانی شوێن وەك کەش وهەوا وتۆبۆگرافی ...هتد وە گونجاندنیان لەگەڵ بینای سەوز.

### ٤–پێشنیارەکانی پلانی بەردەوامبوون: –

- دانانی بیننای سەوز وەکو ئامانجێکی ستراتیژی لە پلانی سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بە تایبەت وەزارەتی شاروانی ووەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجیکردن ورووکردنە بینای سەوز لەجێی بینای لاسایی وە زیادکردنی تەرخانکراوی دارایی وزیادکردنی وەبەرهێنانی تایبەت وگشتی لەو بوارە.
- دانانی پلانی درێژخایەن ودیاریکردنی سایتە جیهانییەکان وسوود وەرگرتن لێیان لەکاتی دانان یان نویێ کردنەوەی ماستەر پلانی شارەکان.
- هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی بینای بەردەوامبوو لەجیاتی کەرەستەی لاسایی وپلاندانان بۆ دامەزراندنی کارگەی تایبەت بە بینای بەردەوامبوو.

### ٥–پێشنیارە داراییەکان: –

- ئامادەکردنی پلانی دارایی بۆ سێکتەری گشتی وتایبەت کە تەرخانکراوی دارایی تیادا جێگیر کرابێت بۆ دروستکردنی بینای سەوز.
- دانانی تەرخانکراوی دارایی لەنێو بودجەی گشتی تایبەت بە بینای سەوز.
- هاندانی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لەبواری بینای سەوز لەرێی پێشکەشکردنی ئاسانکاری دارایی وکارگێری وخزمەتگوزاری ...هتد.
- وەرگرتنی وەبەرهێنانی دارایی لە رێی رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان ولایەنە پێدەرەکان (الجهات المانحه) تایبەت بە بینای سەوز ووزەی نوێبووەوە.

٦–پێشنیارەکانی بیر ورِا: –

- سازدانی سیمیناری گشتی بۆ ناساندنی کۆمەڵگا بە گرنگی بینای سەوز لە بوارەکانی بیناسازی وژینگە وکۆمەڵایەتی وئابووری. هتد.
- ئەنجامدانی هەڵمەتی ووشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەرێی ریکلام لە هۆیەکانی بیستراو وبینراو وتۆرە کۆمەڵایەتییەکان.
- تێکردنی چەمکی (مفهوم) بینای سەوز لە بەرنامە ومەنهەجە جیاجیاکانی خوێندن بۆ زیادکردنی ئاستی ووشیاری تاك لە سەر کرنگی بینای سەوز.

٧–پێشنیارە مرۆڤایەتی وتەکنیکە نوێیەکان: –

- ناردنی ستافە ئەندازیاری وهونەرییەکان بۆ خولی راهێنان لە دەرەوەی ووڵات بۆ ئاشنابوون لە شێواز وتەکنیك وکەرەستەی بەکارهێنراو بۆ بینای سەوز.
- هاوکاری وهەمەئاهەنگی لەنێوان کۆمپانیاکانی بیناسازی وکۆمپانیا جیهانییەکان کە پسپۆرن لە بواری بینای سەوز بۆ زیاتر ئاشنابوون لەسەر دروستکردن ووشێوازە نوێیە تەکنەلۆژییەکان لە سێکتەری بیناسازی.
- راکێشان وهاوردەکردنی دروستکەرانی کەرەستە ومەوادی بەردەوامبوو وکرەرەستەکانی تر کە پەیوەستە بە بینای سەوز بۆ کوردستان لەرێی کردنەوەی لقی تایبەت پێیان لە هەرێم.

### ٨–پێشنیارە ستراتیژییەکان: –

- ئامادەکردنی ستراتیژییەکی تایبەت بەبینای سەوز لە ڕێی وەزارەتی پلاندانانی هەرێم بۆ گۆڕینی شێوازی بینا کەرەستەی بیناسازی.
- ئامادەکردنی ستراتیژییەك بۆ گۆڕینی چەمکە (مفهوم) لاساییەکان لە بیناسازی ورووکردنە چەمکە بەردەوامبووەکان
- ئامادەکردنی ستراتیژییەك بۆ گەشەپێکردنی ستافە هونەری وپیشەییەکان لە بواری زۆنی سەوز وئاپەکانی.

### ٩–پێشنیارەکانی بەردەوامبوون (Sustain): –

- بەهێزکردن وچڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنە زانستییەکان بۆ چەمکی (مفهوم) بەردەوامبوون لە زانکۆکانی کوردستان لە بواری بیناسازی وئاودا بۆ زیادکردن وبەهێزکردنی چەمکی بینای سەوز.
- دەستەبەرکردنی ئەپلیکەیشنەکانی بەردەوامبوون ووزە نوێبووەوەکان وهاندانی بەکارهێنانیان لە سیکتەری بیناسازی.
- فراوانکردنی چەمکی (مفهوم) بەردەوامبوون وبینای سەوز بە چەند ئاستێك (ستوونی وئاسۆیی).

### ١٠–پێشنیاری گونجاندنی تەکنیکی ویاسایی: –

- نویێ کردنەوەی یاسا بەراییە کارپێکراوەکان بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی وتەکنۆلۆژی.
- گەشەپێکردنی کەرەستەی بیناسازی لاسایی بەرەو کەرەستەیەك کە چوستی (Efficiency) بەرزبێت بۆ جیاکردنەوەی دەنگ وگەرمی.

## دەرئەنجام

١- بەهۆی ئەو گۆرانکارییە بەرچاوەی کە لە کەش وهەوادا بەدی دەکرێت لە سەرتاسەری جیهان وبەتایبەتی عێراق وهەرێمی کوردستان، هەروەها پیسبوونی رادەبەدەری ژینگە وبەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما وکەمبوونی ئاو وسەرچاوەکانی ووزە ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە.

٢- لە هەرێمی کوردستان بینای سەوز نییە بە بیرۆکە نوێیەکەی بەهۆی بوونی رێگرییەکی زۆر لەبەردەم گۆرینی بینای لاسایی بۆ بینای سەوز.

٣- بینای سەوز ژینگەیەکی تەندروست وئاسوودە دەستەبەر دەکات بە پشتبەستن بە چەمکی بەردەوامبوون ونوێبوونەوە ووزەی نوێبووەوە.

٤- لەم لێکۆڵینەوەیەدا ولەرێی راپرسین وراوەرگرتن دەردەکەوێت کە ١٠ رێگری سەرەکی هەیە کە ئاماژەیان پێدراوە لە برگەی رێگرییەکان کە بەهەموویان رێژەی نزیکەی ٨٤ ٪ پێکدەهێنن، ئەبێت شیکاری ووردیان بۆ بکرێت وچارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

٥- بوونی کەرەستەی خاو لە هەرێمی کوردستان بۆ پەیرەو کردن وجێبەجێکردنی بینای سەوز وهەروەها بەکارهێنانی یەکێك لە سیستمەکانی بینای سەوز ووزە نوێبووەوەکان بە بەکارهێنانی ووزەی خۆر، هەروەها زیادکردنی ئاستی ووشیاری کۆمەڵگا وتاك لەسەر گرنگی ووزە نوێبووەوەکان بۆ پاراستنی ژینگە وخۆشگوزەرانی وچارەسەرکردنی کێشەکانی کارەبا.

## راسپاردەکان

١- دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵا بۆ بینای سەوز لە هەرێمی کوردستان بەستراو بێت بە ئەنجوومەنی وەزیران وبە ئەندامێتی وەزارەتەکانی (شارەوانی، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی، پیشەسازی وبازرگانی، پلاندانان) وسێکتەری تایبەت (کۆمپانیا ورێکخراوەکان) بۆ هێنانەدی تەواوکاری (تکامل) لەنێوانیاندا بەمەبەستی گەشەسەندن وهەستانەوەی سێکتەری بیناسازی لە هەرێمی کوردستان لە رێی: -

- دانانی پلانی گونجاو بۆ شیکار کردن وجێبەجێکردنی پێشنیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە (یاسایی، دارایی، ستراتیژی، هونەری، دیزاین .... هتد) بەپێی وەزارەت ودامەزراوەکان کە پەیوەستن بە م پێشنیارانە.
- دانانی بەرنامەیەکی کورت مەودا بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ودەستبەجێ رووکردنە بینای سەوز لە هەرێمی کوردستان.
- بەرجەستەکردنی تەواوکاری فیکری وکار لەنێوان کۆلێژە ئەندازیارییەکانی هەرێم ووەزارەتەکان وسێکتەری تایبەت (کە پەیوەندن بە بیناسازی) لە رووی دیزاینی تەلارسازی وهونەری وسەرپەرشتی کردنی بینای سەوز بە مەبەستی هاندانی دامەزراوەگشتی وتایبەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی بینای سەوز.

٢- زیادکردنی ئاستی ووشیاری ورۆشنبیری وکۆڵگەیی لەسەر گرنگی بینای سەوز لە رێی نویگردنەوەی بەرنامەکانی خوێندن لە قۆناغەکانی فێربوونەوە وسازدانی خولی راهێنان وئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەم بارەیەوە.

٣- بەکارهێنانی تەکنیکی زیرەك

- سوود وەرگرتنی دیزاینی لە بەکارهێنانی تەکنیکە زیرەکەکان کە کۆنترۆڵی لایەنی ژینگەیی دەکات لە بینادا، وەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە بەتایبەت لە ناوچە

**گەرمەکان بۆ دووبارە دیزاینکردنەوەی ژینگەی ناوخۆییبینا وکاردانەوەی لەسەر شێوەی دەرەکی.**

- **چڕکردنەوەی ئاشنابوون بە تەکنیکی دیزاینکردنی رووەکانی بینای زیرەك کە ستاندەرەکانی بەردەوامبوون دەستەبەر دەکات بەتایبەت لای ئەندازیارانی تەلارسازی بۆ بەکارهێنانی جۆرێك لە داپۆشەرە زیرەکەکان لە پرۆژەکانیاندا.**
- **دروستکردنی ئاوێتە (تیهەڵکێش) لە نێوان تەکنیکە زیرەکەکان وستاندەردی بینای بەردەوامبوو لەبەر ئەوەی ئەولەویەتی هەیە بۆ بەدەستهێنانی تەلاری ئایندە، بەتایبەت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییە خێرایەی وولّاتانی جیهان بە خۆیانەوە دەیبینن.**

سەرچاوەکان: -


- Dr. Arch Amjad Almusaed Dr.Ling. Ing.asaad Almssad Dr. Adm. Zaki Khalil "**Biophilic Architecture , the Concept of Healthy Sustainable Architecture**" the ٢٣rd conference on passive and low energy architecture, Geneva, Switzerland, ٦-٨Sep. ٢٠٠٦
- John A. Barrows & Lisa lannucci "**The Complete IDIOT'S Guide to Green Building and Remodeling.**"
- Brian W. Edwards , Emanuele Naboni ٢٠١٣ **"Green Building Pay"**
- Energy Star ٢٠١٢ "**Energy Star and other Climate Production Partnership"** Annual report of EPA United State Environment Production Agency, USA.
- Jerry Yudelson ٢٠١٥ **"The Future of Green Building"**
- Noah Garrison & Cara Horowitz ٢٠١٢ **"How Green Roof and Cool Roof can reduce Energy use and protect Water Resources"** NRDC report, Emmet Center on Climate change and Environment, UCLA School of law, USA.
- Tom Woolley ٢٠٠٥ **"Green Building Hand Book"** London.
- University of Delaware **"Green Building practices"**
- Jerry Yudelson ٢٠٠٧ **"Green Building A to Z Understanding the Language of Green Building"** Canada
- Ghada Mohamed Ismail ٢٠١٥ **"Green Architecture systems in Sustainable Environmental Design"** faculty of Engineering, University of Baghdad, Iraq.